


# کچانی سەرکەوتوو دەرهاوێشتەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستن

**ئایانا پرێسلی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی حکومەتی شاری بۆستنی پایتەختی ویلایەتی ماساتشۆتسدی ئەمریکی رایوایە «زۆر گرنکە پێش ئەوەی بیر بکەینەوە کە چۆن خانمان دەبنە کەسێکی سەرکەوتوو بێین و بە تێروتەسەلی قۆناغی ژیانی کچانمان شی بکەینەوە و بە تەواوی شارەزای ئەو قۆناغە راگوزارییە بین کە کچ تێیدا پەروەردە دەبێت، چونکە کچانی شەکەت و تێکشکاو خانمی تێکشکاویان لێ دەردەچێت.»**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بێگومان ژینگەی تەندروست و پەروەردەی ساخڵەم لە درووستکردنی کارەکتەر و کەسایەتی هەر تاکێکدا کاریگەری جەوهەری هەیە، کچانیش بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە گەلێك هەستیارترن و ئەرکی خێزان و دەسەڵاتی سیاسییە کە ژینگەیەکی لەباریان بۆ فەراهەم بکەن. گەر سەیری ئامارەکانی وڵاتانی دنیا بکەین، دەبینین ئافرەت زۆر زیاتر لە پیاو رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. ساڵانە ٦٠ ملیۆن کچ رووبەڕووی دەستدرێژی و توندوتیژی رەگەزی دەبنەوە، زۆربەشیان یان لەناو دەچن، یان بێ سەروشوێن دەکرێن. سیاسەتی هەبوونی یەك منداڵ لە چین وایکردووە بە سووك تەماشای کۆرپەی مێینە بکەن، بۆیە لەباربردن، پشتگوێخستن، رێگەلێگرتن، هەروەها کۆرپەکوژی باوەو بەردەوام کۆرپەی مێینە دەبێتە قوربانی ئەو ژینگەیە، ئەنجامی ئەم چەشنە پلانە خێزانییەش ناهاوتایی رێژەی ١١٤ نێر لەبەرامبەر ١٠٠ مێدایە لە نێوان منداڵانی تا تەمەنی چوار ساڵان. بەهەمان شێوە، لە هندستان ژمارەی کچانی لەدایکبووی زیندوو کەمترە بە بەراورد بە ژمارەی کوڕان، ئەوەش بە هۆی ئەو ژمارە نەگونجاوەی لەباربردنی کۆرپەلەی مێینەیە. هەروەها بەئەنقەست منداڵی کچ پشتگوێ دەخەن و جێیدێڵن تا دەمرن، چونکە پێویستە رێژەی ئاسایی لەدایکبوون ٩٥٠ کچ بێت بۆ هەموو ١٠٠٠ کوڕێك.

**کچانی ئێمە لەم جیاکاری و ناداد پەروەرییەی کە هەیە، لە ناو خێزان و کۆمەڵگەی خۆمان بێبەش نین، لە لایەکی دیکەوە پەلاماری خاک و نامووسی کورد دەدرێ**

گەرچی لە کوردستان کوشتنی کچانی کۆرپەلە و لەباربردنیان نەبووەتە دیاردەیەکی بەرچاو، بەڵام ئاماری توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان تا ئێستاش شتێکی مەترسیدارە و کاری زۆری پێویستە بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە بنبڕ بکرێت، یان لانیکەم بە رێژەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە، ئەوەش پێویستی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پلانی درێژخایەن هەیە کە بە دەسەڵات و میدیاکان و رێکخراوە ناحکوومییەکانەوە دەشێ بایەخی زیاتری پێبدەن.

**لەم کوردستانە چەندین پیاوی گەورە بە ناوی دایکیانەوە دەناسرێن، ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە بواری داوە پیاو بە ناوی ژنەوە بناسرێت**

ئیراد منوچر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەڵەبجە، بەمجۆرە پێناسەی توندوتیژی دەکات و دەڵێت: «هەر دەستدرێژی کردنێك لەسەر بنەمای رەگەز، کە ببێتە هۆی ئازار گەیاندنی جەستەیی و دەروونی، وێڕای هەر هەڕەشەکردن و فشارێك کە ببێتە هۆی بێبەشکردنی کەسێك لە مافەکانی، ئیدی لە چوارچێوەی ژیانی گشتی بێت، یان تایبەتی دەچێتە خانەی توندوتیژی.» ئەو مامۆستایە رایوایە: «توندوتیژی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بە گەورەترین بەربەست و لەمپەری بەردەم پێشکەوتنی مێینە لە هەموو جیهان دادەندرێ، رێژەی توندوتیژییەکەش لەسەر ئاستی جیهان بە شێوازی جوراوجۆر لە بەرزبوونەوەدایە و نکۆڵی لێناکرێت، کە رەگەزی مێینە بە سەرجەم جیاوازییەکانی تەمەنەوە

**گەشبینم کە سەرۆک بارزانی هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ گەڕاندنەوەی خۆشکانی رفێندراوی ئێزیدیمان بۆ نێو خێزان و زێدی خۆیان**

رووبەڕووی دەبنەوە، ئیدی دەروونی، جەستەیی، یان زارەکی بێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی پیاوسالار و نەریتیدا ئەو رێژەیە زۆر بەرزترە. گوتیشی: «زۆرێك لە پسپۆڕانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و ژنان وای بۆدەچن کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەگەڵ پێگەی کچ لەناو خێزاندا پێوەندیی راستەوخۆیان هەیە، واتە هەتا پێگەی کچ لە ناو خێزاندا پتەو بێت و توانای بڕیاردانی زیاتر بێت، کەمتر رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. بەپێی توێژینەوەکانی تایبەت بە بواری ژنان، بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەرئەنجامی ئەو کەلتوور و دابونەرێتە چەقبەستووەنەیە کە لەناو کۆمەڵگەدا ریشەی داکوتیوە و بەشێوەیکی بەرفراوان کاری کردۆتە سەر و پێوەندی نێوان ژن و پیاو. لەم ساڵانەی دواییدا پرسی توندوتیژی دژ بە مێینە بووەتە دۆزیکی پڕبایەخ و گرنگ لەلای زۆرێك لە وڵاتانی دونیا و خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان زۆر بە بایەخەوە لەم دۆزە دەڕوانێت، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە دید و پرۆگرامەکانی چارەسەرکردنی ئەم دۆزە روون نین.

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی سنۆبەر سابیر، هێما بۆ ئەوە دەکات کە پێشێلکردنی مافەکانی مروڤ بە گشتی و رەگەزی مێ بەتایبەتی بەشیوەیەکی گشتی بە درێژایی مێژوو پەیڕەوکراوە، گەرچی لە وڵاتێك بو وڵاتێکی دیکە جیاواز بووە وئەنجامدەر و قوربانییەکان و شێوازی ئەنجامدانی پێشێلکارییەکان بەپێی قوناغەکانی مرۆڤایەتی گۆڕاوە و رێژەکەشی لە هەڵکشان وداکشان بووە، بەڵام زیاتر بەرامبەر ئافرەتان و منداڵان و بەتایبەتی منداڵانی کچ پێشێلکارییەکان ئەنجام دەدرێن، لە کۆتاییشدا چەندین کێشە و گرفت بە دوای خویاندا دەهێنن. ئەگەر لە هەندێ وڵات پێشێلکارییەکان بازرگانیکردن بە ئافرەت و منداڵ بێ، ئەوا لە زۆر وڵاتی دیکە بەکارهێنانیانە لە کارگە و کێڵگەکان بە کرێیەکی زۆر کەم، لە زۆر شوێنانی دیکەش ئەشکەنجەدان و لەناوبردن و کپکردنەوەی دەنگیانە، یان بوارنەدانی ماڵە باوانە لە تەمەنی کچێنیدا بەوەی وەك ئەندامێکی کارای کومەڵ دەربکەون، یان بە زۆر بە شوودان و دواتر لێدان و ئەشکەنجەدان و فرەژنی و تەڵاقدان و هەڕەشەکردن و ئەتککردن و بە زۆر سێکس کردن لەگەڵ ئافرەتان و و تەنانەت کوشتن، ئەو چەمکانەن کە ئافرەتیان کردووەتە قوربانی، لەوانەش قێزەوەنتر گێچەڵی سێکسی-یە بەرامبەر بە کچانی منداڵ کە بەداخەوە لە کوردستانیش کە کۆمەڵگەیەکی باشترە لە کومەڵگەکانی دەوروبەرمان، تاوانی لەو جۆرە رووی داوە».

سنۆبەر لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە «ئافرەتان بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدان، لە شەڕەکانیش کە زیاتر پیاو دەکوژرێن، ئافرەت لە قوربانیبوون پشکی شێری بەردەکەوێت و زۆر جار سەرپەرشتی خێزانەکەی لە دەست دەدات، جیا لەوەش لە زۆر



شەڕدا راستەوخۆ بوونەتە قوربانی، نموونەی نزیکیان پەلامارە دڕندانەکەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو کە بەرامبەر بە کچانی شنگال ئەنجامی دا، کە بەوپەڕ وەحشیگەرییەوە هەستان بە رفاندن و بێسەروشوێنکردن و کڕین و فرۆشتن و دەستدرێژی کردنە سەریان، کە سەرتاسەری جیهانی دیموکراسی و دژ بە جەهل و تەخەلوف لە دژی ئەو تاوانە گەورەیە هەڵوێستیان نواند». گوتیشی: «هیوادارم لایەنە پێوندیدارەکان و رێکخراوە مەدەنییەکان کار لەسەر ئەوە بکەن، ئاسەواری خراپی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە لە هزر و بیری خۆیان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگە لابەرن، پێویستە ستایشی هەوڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان بکەین، بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی کە هەمیشە میللەتەکەمانی هان داوە بەرەو ئاسۆی روونتر هەنگاو بنێین و مافی خێزان و ئافرەتان پارێزراو بێ، بەوەش گەشبینم کە سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ گەڕاندنەوەی خۆشکانی رفێندراوی ئێزیدیمان بۆ نێو خێزان و زێدی خۆیان».


لە لای خۆیەوە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مەحموود عەبدولکەریم باجەلان، ئاماژە بەوە دەکات وەك راهێنەر لە پرۆسەی هاوڕێی منداڵ لەسەر چەمکی جیانەکاری و نەبوونی توندوتیژی لە ناوەندەکانی پەروەردە بەردەوام لەخولدان، سەبارەت بە پێشێلکردنی ماف و لەبەرچاو نەگرتنی تایبەتمەندییەکانی کچانیش ئەو سەرپەرشتیارە گوتی: «بەداخەوە کچانی ئێمە لەم جیاکاری و نادادپەروەرییەی کە هەیە، لە ناو خێزان و کۆمەڵگەی خۆمان بێبەش نین، لە لایەکی دیکەوە پەلاماری خاك و نامووسی کورد دەدرێ، وەك لە کارەساتی شنگال روویدا، کە هەرگیز ئەو ئازارە لە بیر ناچێت کە پاکیزەکانی کوردی ئێزیدی بە دڕندانەترین شێوە ئازار دران، کارێکی نامرۆڤانەی لەمجۆرە تەنیا لەبەر جودایی مەزهەب و ئایین ئەو پەڕی دڕندەییە کە هیچ ئایینێك قبووڵی ناکات، لە کاتێکدا وەك واقعی ئازارەکان لەگەڵ خودی قوربانییەکان زۆر کەم کار کراوە، من پێموایە باسکردنی ئەو کارەساتە لە ئۆفیسی داخراو و هۆڵی رازاوەدا سوود بە کەمکردنەوەی ئازاری قوربانییەکان ناگەیەنێت، دەبێت لەسەر کەلتووری سەقەتی بیرکردنەوەی تاکەکان کار بکرێت، بۆ ئەوەی بێحورمەتیکردن و توندوتیژی و سووکایەتی کردن و جیاوازی رەگەزی بنبڕ بکرێت. بێگومان ناکرێت بڵێین رێکخراوەکان هیچیان نەکردووە، بە پێچەوانەوە توانیویانە لەم مەسەلەیە شوێن پەنجەیان دیار بێ، بەڵام رێکخراوەکانیش لە خودی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاون، ئەوانیش کاریگەرن بە کەلتووری کۆمەڵایەتی نێوکۆمەڵگە، واتا بە شێوەیەکی بەرفراوان نەیانتوانیوە بچنە نێو گرفتە کۆمەڵایەتی و ناهەمواریيە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی ئازارەکان کار بکەن بۆ گەیشتن بە چارەسەر، پێویستە کار بکرێ لەسەر لێکۆڵینەوەی دوای رووداو و پاراستنی قوربانییەکان دوای ستەم و دەستدرێژی، لە کاتێکدا رۆژانە ئەمانە زیاد دەکەن و کەم ناکەن. هەروەها تا ئێستا رێکخراوەکان نەیانتوانیوە راگەیاندنی گونجاویان هەبێت کە پێکەوە پلانیان بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك هەبێت. چونکە کارکردن بۆ مێینەیەك کە نەتوانێت بیبینێت، یان سیمینارێك لە هۆڵێك کە ئەوانەی ئامادەن خەڵکی بانگکراو و میوانی تایبەت و خودی رێکخراوەکانن سوودێکی ئەوتۆی نابێت. دەکرێ رێکخراوەکان کەناڵی راگەیاندنیان هەبێت، کار لەسەر گۆڕینی کەلتوور بکەن، واتا جۆری بیرکردنەوەی تاك، پێش یاسا، چونکە یاسا وەك جەستەیەکی بێگیان دەمێنێت ئەگەر عەقڵ و هۆشمەندی تاك قبوڵی نەکات».

د.بەشیر حەداد ئیمام و خەتیبی مزگەوتی جەلیل خەیات، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك ئیسلام پێش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ زیاتر مافی بە ئافرەتدا، لەو کاتەدا لە دوورگەی عەرەبی ئافرەتیان زیندەبەچاڵ دەکرد، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی جاهیلییەت حەیا و شەرەفی خۆیان لە ئافرەتدا دەبینییەوە، بەڵام کە ئیسلام هات ئەمەی قەدەغەکرد و پێ گوتن خۆتان گوناهبار مەکەن، وەك پەروەردگاریش فەرموویەتی: (وإذا المؤدة سئلت بأی ذنب قتلت)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کۆرپە زیندەبەچاڵکراوە رۆژی قیامەت زیندوو دەکرێتەوە و دەپرسێت خوایە لە باوکم بپرسە بە چ تاوانێك منی زیندەبەچاڵ کردووە، لە کاتێکدا منیش مرۆڤێك بووم وەکو ئەوان؟ بۆیە ئیسلام ئەمەی بە تاوان لەقەڵەمداو قەدەغەی کرد، لە ئەورووپای ئەو کاتدا نەك ژن بۆی نەبوو کار بکات، بەڵکو بۆی نەبوو تەنیا خاوەنی یەك فلسیش بێت، بۆیە هەرچی هەبوایە هەتا کچ بوو بە ناوی باوکی بوو، کە شووی دەکرد، بە ناوی مێردەکەی بوو، هەتا ئەم ساتەی ئێستا من ئەم قسانەی تێدا دەکەم، لە رۆژئاوا ئافرەت ناوی خۆی هەڵناگرێت، هەتا کچە ناوی باوکی هەڵدەگرێت، کە شووی کرد ناوی مێردەکەی هەڵدەگرێت. پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێت ناوی مێردەکەی هەڵبگرێت؟ ئایا ناکرێت مێردەکە ناوی ژنەکەی هەڵبگریت؟ هەر بۆ نموونە لای خۆمان و لەم کوردستانە چەندین پیاوی گەورە بە ناوی دایکیانەوە دەناسرێن، ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە بواری داوە پیاو بە ناوی ژنەوە بناسرێت، لەبواری خوێندن و فێربوون، پێغەمبەر(د.خ) رێگەی کردەوە کچی موسڵمان فێری خوێندن بێت، فێری زانست و زانیاری بێت. لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (خ.ل) لە شاری مەدینە ئافرەتێك هەبووە ناوی شیفای کچی عەبدوڵڵا بوو، کاری (الحسبە)ی دەکرد، واتە کاری سەرۆکی شارەوانی دەکردو سەرۆکی شارەوانی مەدینە بووە، ئەم خانمە لەناو شاری مەدینە سووڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بزانیت چ سەرپێچییەك لە بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە دەکرێت. هەروەها ئیسلام مافی ئەوەی بە ئافرەتداوە بەوەی راوێژی پێبکرێت، پێغەمبەر (د.خ) کە هەم سەرۆکی دەوڵەت بووە، هەم وەك پێغەمبەر(د.خ) هەم وەك سەرکردە، لە یەکێك لە کاتە زۆر هەستیارەکان و لە سوڵحی حودەیبییە کە خەریك بوو موسڵمانان پارچەپارچە بن، راوێژی بە خێزانەکەی خۆی کرد کە ناوی (ام سلمە) بوو، ئوم سەلمە راوێژی پێشکەشی پێغەمبەر(د.خ) کرد و بە راوێژەکەی ئەو کێشەکە چارەسەرکرا و موسڵمان لە پارچە پارچە بوون رزگارکران. کەواتە لەو کاتە ناسکە پێغەمبەر (د.خ) بە قسەی ژنی کرد، ئەم رووداوە ئەو قسەیە رەشدەکاتەوە کە ئێستاش لەناو خەڵکیدا باوە کە دەڵێن: (راوێژ بە ژن بکە، بەڵام بە قسەی مەکە)، چونکە پێغەمبەر (د.خ) راوێژی بە ژن کردووە و بە قسەشی کردووە و سەرکەوتووش بووە، جگە لەمە ئافرەت لە ئیسلامدا مافی پەنابەرێتی داوە بە خەڵك، ئیمامی عومەر (خ.ل) ئافرەتێکی کردە سەرۆك شارەوانی، واتە ئەمە دەکرێت، پێویستە ئێمەش بیکەین، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) کە بواری دا ئافرەت بخوێنێت و بازرگانی بکات، بۆ ئەوە بوو پێمان بڵێت ئەمانە دەکرێن، لەمەش گرنگتر با سەیری تێڕوانینی ئیسلام بکەین بۆ ئافرەت. پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی بوونی کچ لە ماڵدا بەرەکەتە، نەیوتووە بوونی کوڕ بەرەکەتە، واتە ئافرەت هەتا کچە بەرەکەتە، کە بوو بە هاوسەر نیوەی ئیمانە بۆ پیاو، کە بوو بە دایك ئیسلام دەڵێت بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە».

**پرسی توندوتیژی دژ بە مێینە بووەتە دۆزیکی پڕبایەخ و گرنگ لەلای زۆرێک لە وڵاتانی دونیا و خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان زۆر بە بایەخەوە لەم دۆزە دەڕوانێت، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە دید و پڕۆگرامەکانی چارەسەرکردنی ئەم دۆزە روون نین**

**دەبێت لەسەر کەلتووری سەقەتی بیرکردنەوەی تاکەکان کار بکرێت، بۆ ئەوەی بێحورمەتیکردن و توندوتیژی و سووکایەتی کردن و جیاوازی رەگەزی بنبڕ بکرێت**

**پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی بوونی کچ لە ماڵدا بەرەکەتە، نەیوتووە بوونی کوڕ بەرەکەتە، واتە ئافرەت هەتا کچە بەرەکەتە، کە بوو بە هاوسەر نیوەی ئیمانە بۆ پیاو، کە بوو بە دایک ئیسلام دەڵێت بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە**



# با چی تر گوڵەکان لەبری ئاو بە نەوت ئاونەدرێن



کرۆکی هەموو گرفتێك لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەربۆیە ئەو خێزانانەی لە ئەزەلەوە بەدبەختی و نەبوونی سەرە ڕێگەی پێگرتوون، زیاتر دەخزێنە نێو کارەساتەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆنەوەش گوتراوە «کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە».لەکاتێکدا گەنجان بە وزە و هێزی هەر کۆمەڵگەیەك هەژمار دەکرێن و پێویستە سوود لە توانایی و کارامەییان وەربگیردرێ و هاوکات ژینگەیەکی شیاوی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بۆ دروست بکرێ، کۆمەڵناس و دەروونناسانیش هێما بۆ ئەوە دەکەن، کاتێك تاك دەگاتە ترۆپکی نائومێدی و بێزاری چیدی بەرگەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان ناگرێت، هیچ ڕێگەیەکیش بۆ خۆدەربازکردن نادۆزێتەوە، بە بڕیارێکی هەڵە کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

هۆنیا ئەو کچە جوانکیلە و هەرزەکارە تەمەن ١٧ بەهارییە بوو، کەوا لە مانگی ڕابردوودا لە دەرەنجامی ناکۆکی نێو خێزانەکەی لەلایەك و پیادەکردنی یاسای توندڕەوی نێرسالاری لەلایەکی دیکەوە بە یەك دەنك شقارتە کۆتایی بەهەموو ساتە شیرین و تاڵەکانی ژیانی گەنجێتی خۆی هێنا، تەنیا دوای یەك هەفتە لە خۆسووتاندنەکەی گیانی لە دەستدا و ڕێژەی سووتانەکەی ٪٩٥ بوو، سووتانەکەشی پلە سێ بوو.

هۆنیا بۆ خۆی سووتاند ..؟

ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانەی سووتان چاوم پێیکەوت، بەهۆی سەختی برینەکانی زۆر بەزەحمەت باسی مەینەتییەکانی ژیانی منداڵی و پاشانیش گەنجێتی خۆی بۆ کردم.

وەك خۆی بۆ گوڵانی باسکرد

ئەوان دوو خوشك و برایەك بەرهەمی دایکێکی زەحمەتکێش و باوکێکی دەروون نەخۆش بوون.

لەمبارەیەوە هۆنیا گوتی: لەبیرمە دایکە کلۆڵەکەم بۆ بەخێو کردنمان شەوی دەخستە دەم ڕۆژ و ڕۆژیشی دەخستە دەم شەو، هەر بۆئەوەی مەجبووری دەستی کەس نەبین، ئەو لە یەکێك لە فەرمانگەکانی حکومەت بەردەست بوو، باوکیشم پیاوێکی عەمەلمەندە و کارنەکەر و تووڕە و توند بوو، سەرباری ئەوەی نەخۆشی درێژ خایەنی دەروونی هەبوو، ئیدی بە ژیانێکی مەمرە و مەژی گەورە بووین، وەك دەڵێن لە خەم کەوتین، کەچی بێ گرفتیش نەبووین، براکەم کە بە تەمەن لە هەردووکمان گەورە تر بوو، سروشتی بیرکردنەوەی هاوشێوەی بۆچوونەکانی باوکم بوو، واتا درێژە پێدەری ڕەفتارەکانی ئەو بوو، بە تایبەت لەگەڵ من و دالیای خوشکم هەر بۆیە لە دوا قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە خوێندن دەری هێناین، بەڵام دوای ساڵانێك دابڕان، من و خوشکەکەم بە ڕەزامەندی براکەم دووبارە گەڕاینەوە قوتابخانەی ئێواران، وەلێ دیسان بەدبەختی یەخەی گرتین و براکەم هەر ڕۆژەی بە بیانووەك ڕێگەی دەرچوون و قوتابخانەی لێ قەدەغە دەکردین، هەموو بیانووەکەشی ئەوە بوو لە خوێندن جارێکی تر دامانبڕێنی و بە بڕە پارەیەك بمانداتە شوو تاوەکو بەم پارەیە سەفەری هەندەرانی پێ بکات، هەمیشە دەیگوتە دایکم هاوڕێکانم هەموو ڕۆیشتن بۆچی تۆش ئەو کچانە بە شوو نادەی تاوەکو بە پارەی شیربایی منیش وەك ئەو خەڵکە بچمە ئەورووپا، تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی بە دزی ئەو دەچووینە قوتابخانە، ئێوارەیەك خۆمان ئامادە کرد بۆ قوتابخانە بەڕێکەوتین، لە بەر دەرگە تووشی ئەو بووین، یەکسەر پەلاماری دام و یەخەی کراسەکەی گرتم و گوتی سەدجار گوتومە نابێ بچنە قوتابخانە و منی بە دیوار دادا، منیش زۆر خۆم بەکەم زانی و وەك نێچیرێکی دەست و پێ بەستراو خۆم هاتە بەرچاو، یەکڕاست نەوتم بە خۆمدا کرد و ئاگرم لە جەستەم بەردا.

خۆم بە نێچیرێکی دەست و پێ بەستراو خۆم هاتە بەرچاو، یەکڕاست نەوتم بە خۆمدا کرد و ئاگرم لە جەستەم بەردا

شەونم شێرزاد پسپۆڕی دەروونی ڕایوایە: بەهۆی بێڕێزی و بێ مافی و نارۆشنبیری و ناحاڵی بوون و کەللەڕەقی پیاوان کە بەرامبەر ئافرەتان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بەکار دێنن، ئەوانەش هۆکاری ئەوەن کە هەندێکجار ئافرەت پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات.

براکەم هەمیشە دەیگوتە دایکم هاوڕێکانم هەموو ڕۆیشتن بۆچی تۆش ئەو کچانە بە شوو نادەی تاوەکو بە پارەی شیربایی منیش وەک ئەو خەڵکە بچمە ئەورووپا

هەروەها گوتی: تەنانەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆسووتاندن بۆتە نەریتێکی چەسپاو کە مایەی نیگەرانی و خەم و داخێکی زۆرە، ئێمەی کوردیش دوورین لە هێمنی و ئاسوودەیی و دۆستایەتی، نزیکین لە ڕك و کینە و شپرزەیی و تووڕەیی و ماڵوێرانی. کێشەکە ئەویە ئافرەتان وەکو مرۆڤێکی ئاسایی نابینن، بەڵکو وەکو شەرەفی بنەماڵەو ئابڕووی مێردو حەیسییەتی براو کەرامەتی باوك و. هتد سەیریان دەکەین و ڕووبەڕووی توندوتیژی هەمە جۆریان دەکەین، بۆیە ئافرەت پەنا بۆخۆسووتان دەبات.

لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆسووتاندن بۆتە نەرێتیکی چەسپاو کە مایەی نیگەرانی و خەم و داخێکی زۆرە

گوتیشی: هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەسپاندنی کۆمەڵێك یاسای مۆدێرن، نەیانتوانیوە وەك پێویست کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەتان بکەن.